دەستگیرکردنی تۆڕێکی ساختەکردنی نووسراوی فەرمی و ناسنامەی حکومی لە بەغدا راگەیەنرا

ئەمڕۆ شەممە ئاژانسی هەواڵگری و لێکۆڵینەوەی فیدرالی دەستگیرکردنی تۆڕێکی بەتاوانی ساختەکردنی نووسراوی فەرمی و ناسنامەی حکومەتی لە بەغدا ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەیەکی ئاژانسی هەواڵگریدا هاتووە : مەفرەزەکانی ئاژانسی هەواڵگری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دژە تاوانی ڕێکخراو لە بەشی ڕێساف چاودێری ئەو زانیارییانیان کردووە کە ئاماژەیان بە بوونی تاوانباران کردووە کە ساختەکاریی نووسراوی فەرمی و ناسنامەی حکومییەکانیان ئەنجامداوە ، ئاماژەی بۆشکرد کە دەستبەجێ تیمێکی کاری هەواڵگری پێکهێنرا و بەدواداچوونی مەیدانی ئەنجامدرا و زانیارییەکان پشتڕاستکرانەوە و شوێنی تاوانبارەکان دیاریکران.

ئاماژەی بۆشکرد : دوای بەدەستهێنانی ڕازامەندی دادوەری پێویست، هەر چوار تاوانبارەکە دەستگیرکران، ئاماژەی بۆشکرد : بڕێکی زۆر پارە و ئامێری ئەلیکترۆنی کە لە ئێپڕاسیۆنەکانی ساختەکردندا بەکاریدەهێندران لەبەردەستیاندا گیراوە، و لێکاتی لێپرسینەوەشدا بۆڕاشکاوی دانیان بۆدا ناوە کە هەیانگرتووە لە بڕامبەر فریودانی هاوڵاتیاندا ئێپڕاسیۆنی ساختەکاری ئەنجامداوە لەبڕانبەردا پارەیان لێهاوڵاتیان وەرگرتووە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە : تاوانباران ڕۆژانە لایەنە پەیوەندیدارەکان کران بە ئۆوەی سزای

دادپروەرانیان وەربگرن.